
بەرپرسانی تورکیا ئاگادارکراونەتەوە لە دەستپێکردنەوەی ئێپراسیۆنی هێناردەکردنی نەوت لە بەندەری جەیهان



جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوت "حەیان عەبدولغەنی" ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند، بەرپرسانی تورکیا ئاگادارکراونەتەوە لە دەستپێکردنەوەی ئێپراسیۆنەکانی هێناردەکردنی نەوت لە بەندەری جەیهان لە ڕۆژی شەممەی داهاتوو.

وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕایگەیاند، "کەمپانیای بازارکردنی نەوتی عێراقی SOMO کەمپانیای BOTASـی تورکی ئاگادارکردووەتەوە لە دەستپێکردنەوەی کارەکانی هێناردەکردن و بارکردن لە ڕۆژی شەممە 13 ئایار".

وەزیری نەوتی عێراق ئاماژەی بۆشکردووە، "تواوبوونی گرێبەستەکان لەگەڵ کەمپانیا نەوتییەکان بۆ فرۆشتن و بازارکردنی نەوتی خاو لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە بەپێی ئۆمیکانیزمانەی کە لەلایەن کەمپانیای بەبازارکردنی نەوتی عێراقی سۆمۆ هەڵگیراوە".